# سحرو جادوو لەهـ

**دیاردەی سحر و جادوو یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە زۆر دەمێکە بوونی هەیە، لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا مێژوویەکی قوڵی هەیە و دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم دیاردەیە لەناو هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان لەهەر یەکێکیاندا بەجۆرێک بوونی هەیە. دیاردەی سیحر ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر بەربڵاوەو تەنانەت لەلای هەندێک**

سەرەتا چاوم کەوت بە یەکێك لەو کەسانەی کە توانیویەتی ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتان وەها لێبکات پەنای بۆبەرن و ناوبراو بەناوێکی خوازراوەوە(ئەیوب) خۆی ناساند.

ئەیوب ئاماژەی بەوەدا کە ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتان لەشاری هەولێر ڕۆژانە رووی تێدەکەن و ئەو ماوەیەکی زۆرە ئەم کارە دەکات، بەڵام ماوەی چوارساڵە کارەکەی زۆر ناساندوێتی و داهاتی باشی بۆدابینکردووە و ناوبراو لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو ماوەی دوو(٢) ساڵ لە ئێران ژیاوە و فێری ئەم کارە بووە و دواتر گەڕاوەتەوە، لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکاندا ویستویێتی ئەم کارە بکات و وەك جادووکەرێك سوود لەکارەکەی وەربگرێت، بەڵام لەو کاتەدا رەوشی کۆمەڵایەتی زۆر لەبار نەبووە بۆ ئەنجامدانی کاری جادووگەری، بۆیە کارەکەی تاڕادەیەك بەنهێنی کردووە، بەڵام ماوەی چوارساڵە بەقسەی خۆی کارەکەی زۆر سەرکەوتووە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە دوو جۆر جادوو کردن هەیە، یەکێکیان (سحر الاسود) ئەوتریان (سحر الابیچ)ـە جۆری یەکەمیان کە بەجادووی رەش (سحر الاسود) ناسراوە ئەنجامدانی زۆر زەحمەتەو نرخەکەشی گرانەو زۆر زەحمەتیش پێشکەش بە ئافرەتەکان دەکرێت کە سەردانم دەکەن، چونکە کاتێکی زۆری پێویستە بۆئەنجامدانی و پێویستی بەکۆمەڵێك ئامرازی تایبەتی نادیاری رۆحانی هەیە و ڕێژەیەکی کەمیش لە ئافرەتان پەنای بۆدەبەن، چونکە زۆریان بەگوناهی دەزانن و ئەمجۆرەیان زیاتر بۆئەنجامدانی کاری ناڕەوا دەکرێت وەك ئەوەی هەندێك جار پیاو هاتوونە بۆ لام داوایان لێکردوم دەبێت بەختی ئافرەتیان بۆ رەشبکە تا نەتوانن ئەو کچانە شوو نەکەن و پارەی زۆرم پێشکەش دەکەن و دەڵێن دەبێت کارێکی وەهامان بۆبکەیت کە ئەو کچانە بەختیان رەشبێت یان جار هەبووە بە(سحر الاسود) ژنم بەتەڵاقدان داوەو خێزانم لەبەر یەکتری هەڵوەشاندووە و هەندێك جار ئافرەت هاتوون و داوای بەخت رەشکردنی ئافرەتی تریان کردووە، بەڵام جۆری دووەمیان کە بەجادووی سپی (سحر الابیچ) ناسراوە ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان رۆژانە پەنای بۆدەبەن، ئەم جۆرەیان وەك نوشتە کردن دێت کە بۆ زۆربەی شتەکان ئافرەتان دەیکەن وەك ئەوەی بۆ ئەوەی کە دڵی مێردەکانیان نەرم بێت لەگەڵیاندا یان بۆ ئەوەی کە کارێکیان بۆئاسان بکرێت یان هەندێك جار بۆ کردنەوەی نسیب بۆ کوڕو بۆ کچ دێنە لام منیش بۆیان ئەنجام دەدەم و زۆر جار ئافرەت هاتوون داوایان لێکردووم نوشتەیان بۆ بکەم منداڵیان ببێت یان هەندێکیان هاتوون داوای نوشتەیەکیان کردووە بۆئەوەی مێردەکەیان لێیان نەدات، زیاتر ئەمانە داوای ئافرەتانن. بەڵام داوای پیاوان جیاوازە وەك ئەوەی هەندێك جار کوڕ دێن داوای نوشتە دەکەن بۆئەوەی کەکچێك پێیان رازیبێت و شویان پێبکات، یان زۆر جار دایك هاتووە نوشتەی کردووە کوڕەکەی بەقسەی بکات و کێشە نەکات لەماڵەوە، ناوبراو وتیشی لەماوەی ئەم چوار ساڵەی دواییدا ڕێژەی ئەو کەسانەی پەنادەبەنە بەر سحر و جادوو زۆر زیادی کردووە بەجۆرێك ئەگەر ئەو ڕێژەیە بەراورد بکەیت لەگەڵ سەرەتای ساڵانی (٢٠٠٠) دا بەڕێژەی دەقات زیادی کردووە. ناوبراو وتی: لە ساڵی (٢٠٠٢) ویستم ئەمکارە بکەم لەماوەی شەش مانگدا تەنیا چوار ئافرەت هاتن بۆ لام ئەوەندە خەڵك کەمدەهاتن تەنانەت هەتا نزیك ساڵی (٢٠٠٥) هەربەم شێوەیەبوو، بەڵام ئێستا ڕێژەی ئەوکەسانەی کەسەردانم دەکەن زۆر زیادی کردووە، رۆژهەیە دە تا پانزە ئافرەت و دە تا دوانزە پیاویش دێن کەئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەخەڵك زۆر باوەڕیان بەم شتانە هەیەو لەهەموو شێتێك زیاتر پەنای بۆ دەبەن، چونکە کێشەکان زۆرن خەڵکیش پەنا بۆ ئەم دەهێنن.

هەرلەوێ چاوم بەئافرەتێك کەوت ئەویش خۆی بە خاتوو (س) پێناساندین، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە



# ــەولێر بۆتە دیاردە

**لــە تاکەکانــی کۆمەڵگە بۆتە نەریتێکی رۆژانە، ئەمە ســەرەڕای ئەوەی کــە ئەم دیاردەیە نەک کێشــەیە، بەڵکو لەکێشــەش ترســناکترە، چونکە چەندین ماڵ و خێزان وێران دەکات مــن نامەوێت بەدێژی ئێســتا قســەی لەســەربکەم و دەمەوێت لە ریپۆرتاژێکــدا بابەتەکە شیبکەمەوە.**

ئەو زۆر باوەڕی بە نوشتەکردن هەیەو تەنانەت رۆژانە دێــت و دەیکات لەبەر ئەوەی کە ئەو پێشتر هاوســەرەکەی بەقســەی دایکی بە بەردەوامی ئازاری ئەمی داوەو زۆر لەگەڵیدا خراپ بــووە، بەهۆی برادەرێکیــەوە هاتۆتە لای ئــەم کابرایەو نووشــتەیکردووە ئێســتا هاوسەرەکەی زۆر باشــبووە لەگەڵیدا، ئەمە ســەرەڕای ئەوەی ئێســتا هاوسەرەکەی زۆر بەقسەی دەکات و ئەمیش مانگانە سەردانی ئەم پیاوە دەکات و نوشتەی بۆدەکات و بڕێك پارەی باش پێشکەشی ئەم پیاوە دەکات، هەر لەوێ چاوم بــە کچێکی تر کەوت کە یەکەم جاری بوو دەهات و هۆی هاتنی بۆ لای ئەم کابرایــە ئەوەیە کە ئەو قەیرە کچە و تەمەنی نزیکەی (٤٥) ســاڵە، بــە وتەی خۆی کە وتی هەستدەکات لەلایەن خزمەکانیەو بەختی بەســترا بێتەوە، چو نکە تائێســتا هەرکەســێك هاتبێت بۆداوای ئەم کێشــەیەك روویداوە و تێکچۆتەوە، هیوادارم ئەمجارەیان کێشەکەم چارەبێت، پاشان ژنێکی بەتەمەنم بینی کــە دەهاتە دەرەوە وتی: من کێشەکەم لەوەدایە کە نۆ کوڕم هەیەو کەسیان بەقســەم ناکەن هاتووم کە نوشتەیەکم بۆبکەن بۆ ئەوەی شیرین بم لەلای ئەو کوڕانە.

هەر لەوێ چاوم بەخانمێکی شۆخو شەنگ کــەوت کە لەگەڵ دایکیــدا هاتبوون بۆلای ئــەم جادووگەرە، ناوبراو پێــی راگەیاندم کە بەشــێکی زۆری خزم و کەسەکانیان بەهۆی ئەم جادووکەرەوە توانیویانە شــووبکەن، لەبەر ئەوەی کە ئێستا ئەمیش تەمەنی نزیکەی ٣٨ ســاڵەو تائێستا کەس نەهاتووە بۆداوای لەبەر ئەوە هاتووە پارچەیەك زێڕی پێشــکەش بەو جادووگەرە کردووە هەتا بەختی بۆبکاتەوە.

خاتوو بەناز ئەحمەد وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کەدیاردەی ســیحر و جادوو لەنــاو هەموو کۆمەڵگــە رۆژهەڵاتییەکاندا بوونی هەیە بەتایبەت ئــەو کۆمەڵگەیانەی کەئاستی رۆشنبیری تاکەکانیان نزمە کــە کۆمەڵگــەی ئێمەش یەکێکە لەوان، لەبەر ئەوە شــتێکی ئاساییە کە ریژەیەکی



بەرچاوی ئافرەتان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان روو لەم کەسانە بکەن، هەرچەندە بەڕای خۆم ئەم کەسانە ناتوانن دەستکاری هەندێك شتی غەیبی بکەن، بەڵام دەتوانن هەندێك شت وەك چاوبەســت پێشکەش بەهاووڵاتیان بکەن و وا لە خەڵکانێك بکەن کە سەردانیان بکات.

مامۆســتا حەکیــم عەبدولکەریــم وەك دەرچوویەکی کۆلیژی شــەریعە و شارەزایەك لە خوێندنی ئیســلامی ئاماژەی بەوەدا کە ســیحر و جادوو مێژوویەکی دێرینیان لەگەڵ مرۆڤەکانــدا هەبووە و بــەر لەهاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش زۆر خەڵك متمانەیان پێی هەبووە، بەڵام ئەمڕۆش لەکوردستان رێژەیەکی بەرچــاو خەڵك پەنای بۆ دەبــات، بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئاســتی رۆشنبیری خەڵك زۆر نزمەو باوەڕی ئایینیشیان لاوازبووە، لەهەمانکاتدا ناتوانین بڵێین ئەو جادووگەرانە هیچیان پێناکرێت، بەڵکو لەهەموو سەردەمێکداو تەنانــەت دەقە ئایینییەکانیــش ئاماژەیان بە رۆڵی جادووگــەرەکان داوە لەجێبەجێکردنی کارەکاندا، بەڵام مرۆڤی موسڵمان دەبێت خۆی لەجادووکردن بەدووربگرێت و نەهێڵێت تووشی ئەوشتانەبێت.

من لە کۆتایدا وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی چەند ســەرنج و تێبینیەکــم هەیە دەمەوێت بیخەمە بەردەم ئێوەی بەڕێز:

١ــ دیــاردەی ســیحر و جادووکــردن بەهەموو جۆرەکانیەوە ئەمڕۆ لەزیادبووندایە، بەشــێوەیەکی بەردەوام روو لەرێژەیەکی زۆر بەرز دەکات.

٢ــ دیــاردەی ســیحر و جادووکــردن مەترســییەکی گەورەی لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگــە هەیە، چونکە هەندێك جار دەبێتە هۆی تێکدانی شێرازەی ژیانی تاك.

٣ــ هۆکاری ئەم زیادبوونــە بەردەوامەی دیاردەی ســیحر و جادووکــردن دەگەڕێتەوە بــۆ ئەوەی کە لەنــاو کۆمەڵگــەی ئێمەدا کێشــەو گیرو گرفتەکان بە بەردەوامی روو لــە زیادبوونن کە ئەکەش وادەکات هەندێك لە تاکەکان پەنابەرنە بەر ئەم کارە.

٤ـ نەبوونی رۆشــنبیری خــودی لەلای تاکی کورد یەکێکە لەســەرەکیترین هۆکار کە وادەکات تــاك پەنا بباتە بەر ئــەم دیاردەیە، چونکە ئەگەر تاك هزری رۆشنبیری هەبێت پەنا بۆ ئەم دیاردەیە نابات.

٥ـ پێویســتە هەوڵبدرێــت لەدەزگاکانی راگەیانــدن و ســەنتەرە رۆشــنبیرییەکان هەڵمەتێکــی ســەرەکی دەســتپێبکەن بــۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە.

**ئا: دیار سالار**

# کێشەو گیروگرفتی نابینا لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا

**خاوەن پێداویســـتییە تایبەتەکان بەشێوەیەکی گشـــتی و نابینا بەشـــێوەیەکی تایبەتی لەناو کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتدا کێشە و گیروگرفتیان زۆرە، هۆکارەکانیشـــی زۆرن لەوانە رەنگە هەندێکیان پەیوەســـت بێت بەخودی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان کە رۆشنبیرییان دەربارەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییـــەکان نییە، چونکە تاکەکانی نـــاو کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان هیچ جۆرە زانیارییەکیان نییە دەربارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەســـانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا. بەشێکی هەرە زۆری نابیناکان بەدەست کێشەو گیروگرفتی ناو کۆمەڵگەوە دەناڵێنن، تەنانەت بەشێکی زۆری کێشەکان کێشەنین، بەڵکو مرۆڤی نا رۆشنبیر و نادروستی ناو ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە کێشەکانیان بۆدروستکردون، ئەوەی زیاتر ئەرکی سەرەکی منە لەم رێپۆرتاژەدا تیشک خستنە سەرکێشەو گیروگرفتی نابیناکانە لەزاری خۆیانەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکیانە لە قەیران و کێشەکانیان تێبگەین.**

هەر لەنـــاو باخچەکەی پەیمانـــگای رووناکی نابینایاندا ئەوەی ســـەرنجی راکێشـــام ئەو مرۆڤە نابینایەنەم بینی کە خودای تاك و تەنیا لەشیرینترین هەست بێبەشـــی کردوون کە بینینە، بەڵام ئەوان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ژیـــان، هەندێکیان خەریکی یاریکردن بوون و هەندێکی تر لەوان پێکەوە قســـەیان دەکـــرد و هەندێکی تر خەریك بـــوون خۆیان فێری گۆچـــان دەکـــرد، هەندێکـــی تر لەو نابیانایانەی لەتەمەنی هەرزەکاریدابـــوون هەوڵیـــان دەدا بەهەســـتی دەســـت و قاچیان لەبری هەســـتی چاویان بتوانن تۆپتۆپێن لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەوەی من هەســـتم پێکرد ئەوەبوو کەهەموو قوتابی و مامۆستا نابیناکان هەوڵیان دەدا کە ژینگەیەك بۆخۆیان دروســـت بکەن کەژینگەیەکـــی نوێبوو جیاواز لـــەو ژینگەیەی کە ئێمەی چاوســـاغ تیایدا دەژین. کاتێك کە هەوڵ و کۆ ششـــی ئـــەم مرۆڤانەم بینی وتەیەکم بیرکەوتەوە کە دەڵێت (ژیان لە نـــا و چاواندا نییـــە، بەڵکو ژیـــان لەناودڵدایە)، چونکە بەڕاســـتی ئەم وتەیە بۆ ئەم کەسانەیە کە نابینان و هەوڵدەدەن بە بەردەوامی ژینگەیەکی خۆش و ئارام بۆخۆیان دروست بکەن.



یەکێك لەو نابینایانەی کەزۆر ســـەرنجی راکێشام مامۆســـتایەکی چوســـتوو چالاك بوو کەقاتێکی رەشـــی پاك و خاوێنی لەبەردابوو، ئەوەندە خۆی و جلوبەرگەکانی جوان رێکخســـتبوو ئەگەر چاوێلکە رەشـــەکەی چاوی نەبوایـــە هەرگیـــز نەمدەزانی نابیانایـــە. مامۆســـتاکە زۆر بەگوڕوتینەوە خەریك بوو کۆمەڵێك قوتابـــی نابینای فێری بەکارهێنانی گۆچان دەکرد و مەشـــقی پێدەکـــردن چۆن بتوانن لەجیاتی چاوەکانیان ســـوود لەو گۆچانە وەربگرن و بتوانن بەهۆیەوە بەرێگەدا بـــڕۆن، ناوبراو خۆی بە مامۆستا یونس حوسێن پێناســـاندین، ناوبراو وەك یەکەم خاڵ کـــە ئاماژەی پێدا ئەوەبوو وتی کە گەورەترین کێشە کە تووشی هەموو نابینایەك دەبێت ئەوەیە کەهەمیشە هەست بەتەنیایی دەکات، چونکـــە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆربەی نابیناکان هەست بەتەنیایی دەکەن و ناتوانن هاوڕێیەتی مرۆڤە چاوســـاغەکان بکـــەن، چونکـــە مرۆڤی چاوســـاغی ناو کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێســـتا ئەو هەستەی تیادا دروست نەبووە کە هاوڕێیەتی کەسانی نابینا بکات، هەمیشە چاوساغەکان خۆیان لـــە مرۆڤە نابینـــاکان لادەدەن و نابیاناکان بەتەنیایی دەمێننەوە، ئەمە بێجگەلەوەی کە کەســـانی نابینا کێشـــەی تریشـــان زۆرە، لەوانە کێشـــەیەکی ســـەرەکی تر کەرووبەڕووی هەموو نابیناکان دەبێتەوە ئەوەیە کە چاوساغەکان هیچ رەچاوێکی تایبەتـــی بۆ نابینـــاکان ناکەن و هیچ هاوکارییەکیان پێشکەش ناکەن، ئەمەش دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەوەی کە تائێســـتا لەنـــاو کۆمەڵگەی ئێمـــەدا تاکەکان بەشێوەیەکی رۆشنبیرانە لە چەمکی نابینا تێنەگەیشتوون و نازانن کەنابینا بەردەوام پێویستی بەهاوکاری هەیە، واتا دەبێت مرۆڤی چاوســـاغ خۆی هەستی هەبێت و هاوکاری نابیناکان بکات، خۆ ئەگەر نابینایەك لەناو باری کۆمەڵایەتی خۆیدا کێشەی هەبێت و ئەوانەی دەورپیشتی بۆی باش نەبن، کارەســـاتە. لەبەر ئەوەی نابینا ناتوانێت



عەلی دهۆکی



یونس حوسین



مۆفەق ئەکرەم

بەرامبەر بەو هەموو کێشـــە راوەســـتێت و کەسیش هاوکاری نەکات، یەکێك لەوکێشانەی کەلەناو وڵاتی ئێمەدا زۆر رووبەڕوومان دەبێتەوە، نەبوونی شـــوێنی تایبەتە بـــە نابیناکان. بۆنموونـــە کاتێك نابینایەك کاری لەدەزگایەکی حکومی دەبێت، هیچ حسابێك بۆ کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان نەکراوە و هەموو بینایەکان بەرزی و نزمییە. ئیمە کاتێك رووی تێدەکەین تووشی کێشەی زۆر دەبین و ناچارین کاری خۆمـــان بکەین بە هەرچۆنێك بێت، واتە دەتوانم بڵێم لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا تەنیا حسابیان بۆ کەسانی ئاسایی کردووە، یان لەکاتی پەڕینەوە لەشەقامەکاندا تووشی کێشە دەبین و کەس نییە هاوکاریمان بکات و زۆرجار دەبێت راوەستین تا کەسێکی خێرخواز خۆی دێت هاوکاریمان دەکات، ئەمە بێجگەلەوەی کەئێمە بێبەشـــین لەبینین کە خۆشترین و ناسکترین هەستە خودای گەورەو میهرەبان بە ئادەمیزاد دەیبەخشـــێت. کێشەمان زۆرە بۆیە دەبێت چاوساغەکان هاوکاریمان بکەن و بەهەســـتێکی مرۆڤایەتیانە نەك وەك بەزەیی پێدا هاتنەوەیەك.

کاتێك مامۆستایەکی تری نابینا کە زۆر سەرنجی راکێشام بەڕاســـتی خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزبوو لە قســـەکردندا و جۆرە نۆرمێکی کاریزمایی هەبوو، ژمارەیەك کەس لەدەوری راوەســـتابوون و قسەی بۆ دەکردن، ناوبراو بەمامۆســـتا زیرەڤـــان بورهان وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگای نابینایان خۆی پێناســـاندین، ئاماژەی بەوەدا کەهەندێك کەســـانی چاوساغ هەن باوەڕناکەن کەلەناو نابیناکاندا مرۆڤی سەرکەوتوو داهێنەر و بەتوانا هەبێت، چونکە بەشێك لە ئەندامانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە تائێستا باوەڕیان بەهێز و توانای کەســـانی نابینا نییە، وا بیردەکەنەوە کە مرۆڤە نابیناکان کەســـانی بیدەســـتەڵات بن و نەتوانن هیچ جۆرە کارێك جێبەجێبکەن، لەراســـتیدا بەوشـــێوەیە نییە، چونکە نابیناکان کەسانێکی زۆر بەتواناو چاپوك و ســـەرکەتوویان تێدایە کە بەڕاستی ئەگەر بواریان بۆ بڕەخســـێت دەبنە کەسانی داهێنەر لەگشـــت بوارەکانـــدا، ئەوەی پێویســـتە لەگشـــت قوتابخانەکانـــدا ئەنجامبدرێت، دەبێـــت هەوڵبدرێت خەڵك وشـــیاربکرێنەوە دەربارەی کەســـانی نابینا، چەمکـــی نابینا بەهەموو لایەك بگەیەنرێت و بزانن کە مرۆڤی نابینا وەك هەموو مرۆڤێکی ئاســـاییەو توانـــاو کارکردنی وەك ئەوانـــە، تەنیا ئەوەندە نەبێت لەرووی بینینەوە لە تاکەکانی تر جیاوازە.

ناوبرا لەدرێژەی قســـەکانیدا ئامـــاژەی بەوەدا کەپێویســـتە هەوڵبدرێت بایەخ بە خوێندنی نابینایان بدرێـــت، هەروەها هانـــی منداڵانـــی نابینا بدرێت کە رووبکەنـــە پەیمانـــگای نابینایان بـــۆ ئەوەی لەپاشـــەڕۆژدا بتوانن وەك هەمـــوو مرۆڤەکانی تر کاری رۆژانـــەی خۆیـــان جێبەجێبکەن، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ئەوەیە پێویســـتە هەوڵبدرێت و بوار بڕەخســـێنرێت بۆ قوتابیانی نابینا پاش تەواوکردنی پەیمانگای رووناکی نابینایانی بنەڕەتی روو بکەنە ئامادەییـــەکان و تابتوانن دوای ئـــەوەش روو بکەنە زانکۆ و پەیمانگاکان، لێرەدا دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکرێـــت، یەکەمیـــان قوتابیانی نابینـــا دەتوانن بڕوانامەی بەرز بەدەســـتبهێنن و خوێندن تەواوبکەن، دووەمیـــان دوای ئەوەی ئەو قوتابیە نابینایە دەچێتە ئامادەیـــی تێکەڵاوی قوتابیانی چاوســـاغ دەبێت و فێری مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی چاوساغ دەبێت، ماوەی ئەو ســـێ ســـاڵەی کە لەئامادەیی بەسەری دەبات، لەناو قوتابیانی چاوساغدا دەبێتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی.

منداڵانـــی نابینـــا هەر لـــەدوای تەمەنی پێنج ساڵییەوە کێشەکانیان دەستپێدەکات، ئەمەباوەڕی بەڕێز مامۆســـتا موەفەق ئەکرەم کانی کە مامۆستایەکی نابینایە لە سەنتەری رۆشنا تایبەت بەکۆمپیوتەری نابینایـــان. ناوبراو ئاماژەی بـــەوەدا مرۆڤی نابینا کێشەو گیروگرفتیان زۆرە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەتایبەتی لەبەر ئـــەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە خەڵکانێکن کە ئاســـتی رۆشنبیریان زۆر نزمەو ناتونن کە بەشێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکاندا بکەن، بۆیە دەتوانم بڵێم مرۆڤی نابینا هەر لەوکاتەوەی کە منداڵە دەچێتە دەرەوەو خەڵکـــی دەیبینێت، چونکـــە تا لەناو ماڵی خۆیاندا رەچاوی تایبەتمەندی بۆکراوە زۆر هەستی پێنەکردووە، بەڵام کاتێك کە دەچێتە دەرەوە بەتایبەتی دوای تەمەنی پێنج ساڵان کەدەچێتە کۆڵان دەیەوێت یـــاری بکات، بەهیچ جۆرێك رەچاوی تایبەتمەندی بۆ ناکەن و هەندێك جار گاڵتەی پێدەکەن و پێیدەڵێن کۆرە، بۆیە ئیتر لەو تەمەنەوە نابیناکان رووبەڕووی کێشـــەی دەروونـــی و کۆمەڵایەتی دەبنـــەوە، ئیتر بەپێـــی قۆناغەکانی تەمەن کاتێك کە دەبیســـتێت چاوساغەکان چۆن دەژین و ئەو ناتوانێت وەك ئەوان بژی، ئیتر زیاتر کاریگەری لەسەری دروست دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەرووی خوێندنەوە تووشـــی کێشەدەبن لەگەڵ قوتابی و مامۆستا چاوساغەکاندا ئەگەر لەقوتابخانەیەکی ئاســـایی بن، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەمیشە کەســـانی نابینا کاتێك کەسێك یارمەتیان دەدات، وەها هەســـتدەکەن کە ئەوکەســـە بەزەیـــی بەواندا دێتەوە، کەئەمـــەش خۆی لەخۆیدا جـــۆرە کاردانەوەیەکی دەبێت لەســـەر کەســـایەتی نابیناکە، بەڵکو پێویســـتە هاوکاری کردنی مرۆڤی چاوســـاغ بەشـــێوەیەك بێت کە نابیناکە هەســـت بە کەموکوڕی نەکات و هەســـت نەکان کە شـــتێکی کەمە، بەڵکو وەها هەست بکات ئەو هاوکاریە تەنیا لەڕووی مرۆڤایەتیەوەیە، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە کە ئێستا توانراوە بەهۆی تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە نابیناکان دەتوانن ســـوود لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەربگرن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خۆیان.

گەنجێکی تری نابینا کەخۆی بە هێمن عەبدوڵڵا پێناســـاندین خەریکی یاری کـــردن بوو بە تۆپێکی باســـکە، ناوبراو گلەیی ئەوەی هەبوو کە تائێســـتا شـــوێنی یاریکردن بۆ کەســـانی نابینا دەستنیشان نەکراوە، کەســـانی نابینـــا ناتوانن لەو شـــوێنانەدا وەرزش بکـــەن وەك مرۆڤـــە چاوســـاغەکان. لەبەر ئەوەی کە وەرزشـــی نابیناکان جیاوازە لە وەرزشـــی مرۆڤە ئاســـاییەکان و پێویستی بەکۆمەڵێك یارگای فەرشکراو و بە ئیسفەنجی تایبەت بەخۆی و هەندێك کەلوپەل هەیە کە تائێســـتا لە هیچ کام لەشارەکانی هەرێمی کوردســـتاندا بۆ نابینـــاکان دابین نەکراوە، بەڕاستی ئەمە جێگەی داخە، بەڵکو دەبوو بایەخ بە وەرزشی نابینایان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بدرایـــە بۆ ئەوەی هەموو کەســـێکی نابینا بتوانێت هیواو ئاواتەکانی بهێنێتەدی.

کەســـێکی تری نابینا کەوتـــە وتووێژ لەگەڵمان نـــاوی هاوکار عەلی بوو، ناوبـــراو ئاماژەی بەوەدا هەموو مرۆڤێك کێشەی هەیە. بەڵام کێشەی نابینا زیاترە، چونکە بێبەشە لە هەستی بینین و پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤە چاوســـاغەکان لێی تێبگەن و لێـــرەدا بەداخەوە هەندێك مرۆڤی چاوســـاغ هەن کە لـــە نابیناکان ناگەن و نازانن نابیناکان مەبەســـت و داواکاریەکانیان چییـــە، هەروەها ناوبراو لە درێژەی قســـەکانیدا ئامـــاژەی بەوەدا کە بەشـــێکی زۆری کێشـــەکانیان لەوەدایە کە چاوســـاغەکان هاوکاریان ناکەن و گوێنادانە مرۆڤە نابیناکان، ناوبراو نەبوونی هۆشـــیاری کۆمەڵایەتی تاکەکانی بە هۆکارێکی سەرەکی دەزانی کە ناتوانن هاوکاری یەکتری بکەن، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە نەك هەر تاکەکان هاوکاری مرۆڤی نابینـــا ناکەن، بەڵکو هـــاوکاری یەکتریش ناکەن.



# مێردەکەم

هەر لەگەڵ چوونە ژوورەم بۆ ناو هۆڵی دادگا چـاوم پێی کەوت و فرمێسـکەکانی سـەرنجی منی رۆژنامەنووسـیان بۆخۆیان راکێشـا، تالێی نزیک بوومـەوەو بینیم کە چاوەڕێـی شـتێکی ناخۆشـی دەکـرد ئەویش جیابوونـەوەی بـوو لەمێردەکـەی. لێـرەوە بەسەرهاتێکی ناخۆش دەستپێدەکات کە یەکێکە لەبەسەرهاتەکانی ناو هۆڵی دادگای هەولێر کە کەژاڵی تەمەن بیسـت و نۆسـاڵ بەم شێوەیە بۆی گێڕامەوە.

# زۆر بێویژدانانە تەڵاقی دام

لەقۆناغی چوارەمی کۆلێژبووم کوڕێکی هاوپۆلم کەناوی ئەحمەد بوو زۆر خۆی لێ نزیك دەکردمەوە و هەمیشە هەوڵی دەدا کەخۆی بکاتە برادەرم، بەڵام منیش نەمدەزانی چۆنەو چی دەوێت تا رۆژێکیان پێیوتم کەمنی خۆشدەوێت و دێتە داوام، ئەوەبوو دوای تەواوکردنی کۆلێژ ئەحمەد دوکانی جلوبەرگ فرۆشتنی ئافرەتانی دانـاو منیش لەیەکێك لەفەرمانگەکاندا دامەزرام و هەر پێوەندی خۆشەویستی لەنێوانماندا هەبوو، پاش ماوەیەك لەسەر رێککەوتنی هەردوولامان هاتە داوام و کاتێکی زۆر خۆشمان لەژیانی دەستگیرانی بردە سەر کە بەڕاستی ماوەیەکی هەنگوینی بوو لەژیانمدا، بەڵام نەمدەزانی لەدوای ئەم رۆژە رووناکە شەوێکی تاریك دەستپێدەکات و رۆژیش هەڵنایەت.

من و ئەحمەد پێکەوە دەژیاین، بەڵام وردە وردە ئەحمەد کەوتە گوشار خستنەسەرم بەتایبەتی لەکاتی ئەوەی کە دچووینە دەرەوە بە ئارەزووی خۆی جلوبەرگی بۆ دەستنیشاندەکردم و دەیوت من دەزانم دەبێت چی لەبەر بکەیت، چونکە تۆ نازانی دوایی پیاو سەیرت دەکەن پاش ماوەیەك دەیوت نابێت بچیت بۆ پارك و بازاڕ و هەندێك لە شوێنە گشتییەکان بەتایبەتی ئەگەر قەرەباڵغ بێت لەبەر ئەوەی کە پیاوان دەچنە ئەو جێگایانە بۆسەیری ئافرەتان، بەڵام من هەر قبوڵمکرد بۆ ئەوەی کە ژیانمان تێکنەچێت، بەڵام ئەو بیانوی دەدۆزیەوە بۆ ئەوەی کەئازارم بدات، رۆژ لەدوای رۆژ ئازادییەکانی منی بەرتەسك دەکردەوە بەئارەزووی خۆی بڕیاری دەدا، تا لەئەنجامدا بەتەواوی کەسایەتی منی داپۆشی بوو، کاتێك کەبەیانیان دەچووم بۆ دەوامی فەرمانگە دەبوو بەئارەزووی ئەو جلوبەرگی درێژ لەبەر بکەم و تەنانەت دوای ماوەیەك هەموو مووچەکەمی لێ دەسەندم و نەیدەهێشت پارەم پێبمێنێت بەبیانوی ئەوەی کە بۆ کڕینی خانوو کۆی دەکاتەوە، پاشان بەئارەزووی خۆی کاتی چوونە دەرەوەی بۆدادەنام، بەڵام من هەر رازیبووم و داوای تەڵاقم نەدەکرد لەبەر ئەوەی نەمدەویست ببم بەبێوەژن.

دوای ماوەیەك زۆر لە رۆژەکان کە لەدەوام دەهاتمەوە دەمبینی کە جێگەی نووستنەکەم تێکچۆتەوە و بەجۆرێك من بەیانیان کەدەچووم بۆدەوام زۆر بە شێوازێکی جوان جێگەی نووستنەکەم رێکدەخست، بەڵام کەدەهاتمەوە دەبینم تەواو تێکچۆتەوەو هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، بۆیە شکم کرد کە مێردەکەم خیانەتم لێبکات.

رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر هەستم بەوەدەکرد کە ئەحمەد لێم بیزارەو دەیەوێت من بڕۆم، بەتایبەتی دوای شەش مانگ بەئاشکرا کەوتە ئازاردان و قسەپێوتنم و تەنانەت لێدانیشم، تارۆژێکیان من لەدەوام بووم هەستم بەوەکرد کەئەحمەد کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە لەگەڵ کچێکی فەرمانبەردا، منیش کەوتە لێکۆڵینەوە هەستم کرد کەئەو کچە هەموو رۆژێك لەکاتژمێرێکی دیاریکراودا دەوام بەجێدەهێڵێت و هەرهەمان کاتژمێرەکە ئەحمەدیش دەڕوات. بۆیە من و براکەم کەوتینە دوایان تاگەیشتینە ماڵەوە بینیم کە ئەحمەد و کچەکەی هاوڕێم لەسەر جێگای نووستن بوون کاتێك کەئەمە روویدا ئەحمەد هێرشی بۆ کردم وپێی وتم کەتۆ ناتوانیت رێگە لەمن بگریت، چونکە من پیاوم و بەئارەزووی خۆم رادەبوێرم و بەمەش من داوای تەڵاقم کرد و ئەحمەدیش لەخوای دەویست کە تەڵاقم بدات.

ئێستا من کەسێکی تەڵاقدراوم لەناو کۆمەڵگەدا، وەك هەموومان دەزانین کە کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەڵگەیەکی تارادەیەك تەقلدیەو هەمیشە دژی ژنەکە دەوەستێت و لایەنی پیاوەکان دەگرێت، بۆیە ئێستا من تاوانبارم و ئەحمەد بێتاوانە، من لەهەموو هەڵسوکەوتێکمدا کارتی سوورم بۆدانراوە و وەك دیلێکی دابونەریتەکان دەژیم.

من تەنیا داوام لەکۆمەڵگا ئەوەیە کەچیتر هێرش نەکەنە سەر ئافرەت منیش، بۆیە تووشی ئەم هەڵە مێژووییە بووم، چونکە نەمدەزانی چیبکەم کچ هەتا شووی نەکردووە گەنجە کۆمەڵگا قسەی پێوەدەنێت و بوختانی پێدەکات و هەمیشە بۆتە سەرنجی هەموو کۆمەڵگا بە ژن و پیاویشەوە، دواتر کاتێك دەچێتە تەمەنەوە کۆمەڵگا بەقەیرەکچ ناوی دەبات و دەبێتە شوێن قسەی باسی ئەم و ئەو، باشە بۆچی ژنان لەجیاتی ئەوەی کە مافیان پارێزراوبێت تووشی کێشە نەبن هەتا کچن قسەیان بەدواوەیە دواتر بەقەیرە ناودەبرێن خەڵکی دەڵێن کچی ئەو ماڵە قەیرەیە باشە بۆ من لەترسی نەبوون بەقەیرە خۆم تووشی ئەو دڕندەیە کردوو بوومە قوربانی و ژیانم وەك زیندانی لێهات ئێستا من نازانم دوای تەڵاقدانیشم ئینجا بەتەلاقدراو وەسف دەکرێم باشە من چیبکەم روو لەکوێ بکەم ئەگەر ژیانم بکەمە دۆزەخ بۆ پیاوێکی دڕندە ئەوە کۆمەڵگا پیم دەلێت ژنێکی باشەوە مێردەکەی خۆشدەویست ئێستا من روو لە کامە یاسا بکەم ئایە یاسایەك هەیە کە مافی منی تەڵاقدراوبپارێزێت ئایە ئەم هەموو رێکخراوانەی کەباسی مافەکانی ئافرەت و مرۆڤ دەکەن چی دەکەن بۆ ئافرەتێك کەتەڵاقدراوە ئامادەن لەرووی مەعەنەوی ماددیەوە هاوکاری بکەن یان هەر کارەکانیان دروشمی بریقەدارەوە هیچی تر نییە، دوای تەڵاقدانم دەبێت لەماڵەوە دانیشم تەنانەت خۆم پیشانی خزم و کەس نەدەم لەبەر تیروتوانجی خەڵکی و قسەو باسیان ئایە من چیبکەم باشە بۆچی ئەو هەموو ژنانەی کە لەناو پەرلەماندان بیر لەئافرەتی تەڵاقدراو ناکەنەوە هەوڵێك نادەن هەتا ئافرەتانی ئەڵاقدراو رێزی بۆ بگەڕێتەوە .

نازم ئەحمەد کورەچی دوکانداری جلوبەرگی ئافرەتان لەبازاڕی قەیسەری ناوشاری هەولێر وای بەباش دەزانی کە پێویستە ئافرەت لەماڵەوە دابنیشێت و خزمەتی ماڵ و مێردی خۆی بکات و دەبێت بە بەردەوامی خزمەتی میوانی مێردەکەی بکات، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ژنەکەی لە ماڵەوە داناوە و تەنیا خزمەتی ماڵی پێدەکات و ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو تەنیا ڕێگەی بەژنەکەی داوە کەلە هەفتەیەکدا تەنیا رۆژێك بچێت بۆ ماڵی باوکی، واتە چوونە دەرەوەی بۆ ژنەکەی دەستنیشانکردووە و ناهێڵێت بچێت بۆ دەرەوە، لەبەر ئەوەی کەدڵی لە ژنەکەی پیسە و ئەو لەکاتی کارکردنیدا لەناو بازاڕدا زۆر شتی لەو ژن و کچانە دیوە کە دێنە دوکانەکەی شتی لێدەکڕن لەبەر ئەوە دەڵێت بۆ ژن باشترە لەماڵەوە بێت. مام حوسێن ئەحمەد کە خاوەنی دوکانی شتومەکی ماڵانی هەیە وای دەبینی کەدەبێت ژن لەماڵەوە بێت، چونکە ئەگەر ئافرەت بۆ دەرەوەی چوو، ئەوا چاوی دەکرێتەوەو داواکاری زۆر دەبێت و بەئارەزووی خۆی جلوبەرگ لەبەر دەکات و دەگەڕێت بۆیە بەرای مام حوسێن نابێت ژن چاوکراوەبێت و بچێتە دەرەوە، ناوبراو وای دەبینی ئەو کە ژنی بۆ کوڕەکانی هێناوە و هەمان مەرجی بەسەریاندا سەپاندووە و ئاماژەی بەوەدا کە ئەو زۆر بە شەرمەزاری دەزانێت کە زۆر ژن بەبێ مێرد و براکانیان دێن بۆ بازاڕو شتومەك لەو دەکڕن، ئەو وای دەبینی ئەوە هەڵەیە پیاو ژنەکەی بێتە بازاڕ و بچێت و بگەڕێت. بەڕای ئەو دەبێت هەمیشە ژن لەماڵ بێت و بەبێ مێردەکەی نەچێت بۆ هیچ شوێنێك. ئەمیر ئەحمەد خاوەنی کۆگای هێرش لە بازاڕی کوران وای دەبینی کە پیاوان کاردەکەن بۆ ئەوەی بژێوی ژیان بۆخێزانەکانیان دابین بکەن، با ئافرەتانیش کاری ماڵ بکەن و بەهیچ شێوەیەك دەستنەخەنە ناو ژیانی کارکردنی پیاوەکانیان، چونکە ئافرەت نابێت دەست بخاتەو ناو ژیانی مێردەکەی، بە وتەی ناوبراو ئەو وای بەباش دەزانی کەدەبێت پیاوان ئافرەتێك هەڵبژێرن کە ژنی ماڵ بێت و تەنیا خزمەتی ماڵ و مێردەکەی بکات، بەڵام ئەگەر ئافرەت فەرمانبەربێت و کاری دەرەوەی ماڵی هەبێت، ئەوا ناتوانێت بەشێوەیەکی بەرچاو خزمەتی مێردەکەی بکات

**پیاوان هەمیشە هەوڵی بەردەوام دەدەن کە ئەو هاوسەرەی دەستنیشانی دەکەن بەئارەزووی خۆیان بێت، واتە دەیانەوێت ئەو ژنە کەسایەتییەکەی وەک کەسایەتی ئەوان بێت، ئەوان بە ئارەزووی خۆیان چییان بوێت پێی بکەن.**

و هەمیشە ئە و ئافرەتانەی کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن، کێشە بۆ مێردەکانیان دروست دەکەن و دەستدەخەنە ناو ژیانی مێردەکانیانەوە.

خاتوو بنار ئەحمەد عەلی خاوەنی ئارایشتگای نیگار لەگەڕەکی نووسەران هۆکاری ئەوەی کەپیاوان هەمیشە حەزدەکەن هاوسەرەکانیان ژنی ماڵ بێت و حەزناکەن کاری دەرەوەی ماڵیان هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاوان حەزیان لە ئافرەتێك نییە خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزبێت، بەڵکو حەزدەکەن کەسایەتییەکی بێهێزیان هەبێت بۆئەوەی کە نەتوانن بڕیاربدەن لەهیچ کارێك دا. دەتوانم روونتر بڵێم پیاوان جۆرێك دیکاتۆرن و حەزناکەن کە ژنەکانیان بتوانن هاوبەشی بڕیاریان بن و لەگەڵیاندابن بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو سەرەتا یەکەم پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدا لەگەڵ هاوسەرەکەی نە دەگونجا، چونکە هاوسەرەکەی پێی ناخۆش بوو ئەم کارە بکات لەدەرەوەی ماڵ، تا لە ئەنجامدا تووشی جیابوونەوە بوون، چونکە هاوسەرەکەی حەزی لە ژنی ماڵ بوو نەك ژنی کارکەر لەدەرەوەی ماڵ، واتە دەتوانین بڵێین ڕێژەیەکی کەم لە پیاوان ماف دەدەنە ژنەکانیان بۆ کارکردن و چوون بۆشوێنە گشتییەکان، خاتوو ژیلا عەبدولکەریم وای دەبینی کە پیاوانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر ئارەزوو دەکەن کە ژنەکانیان لەناو ماڵدا بژین نەك بچنە دەرەوەی ماڵ، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئافرەتان لەوڵاتی ئێمەدا زیاتر رووبەڕووی قسەو قسەڵۆك دەبنەوە. ئەگەر بچنە دەرەوە لەبەر ئەوەی کە زیاتر ئێمە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدین و نەریتین و زیاتر دیاردە کولتوورییەکان زاڵن بەسەر ژیانماندا، بۆیە پیاوان شەرمدەکەن کە ژنەکانیان لەدەرەوەی ماڵ کاربکەن لەبەر بوختان پێکردنی خەڵکی.

ژنان خۆیان هۆکاری سەرەکین ئەمەباوەڕی خاتوو بیخاڵ حەسەن کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، ناوبراو وای دەبینی کە یەکێك لەوخاڵانەی کە هانی پیاوان دەدات کە هەمیشە حەزبەوە بکەن کە ژنەکانەکانیان وەك کاڵایەك وەهابێت لە ژێردەستیاندا ئەوەیە کە هەندیك ژن هەن دەبنە کۆیلەی مێردەکانیان ناتوانن لە قسەکانیان دەربچن و خۆشیان هۆکارن ئەگەر بێت ئەو ژنانە ئاوەها نەکەن ئیتر پیاوان ناتوانن بەو شێوەیەی ئێستا مامەڵە بکەن من زۆر جاربووە لەگەڵ مێردەکەم بووم دیومە کە برادەرەکانی باسی کۆیلایەتی ژنەکانیان دەکەن کە چۆن وەك کۆیلەوەهان هیچ جۆرە داواکاریەکیان نییەو تەنیا وەك ئامێرێکی جێبەجیکردن وەهان ئەمە هۆکاری سەرەکییە کە پیاوان چاولەیەکتری بکەن و هەموویان هەوڵ بدەن ژنەکەیان بکەنە کۆیلەیەك بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان نەهێڵن بتوانێت هیچ بڕیاریك بدات، من ئەوەی تێبینیم کردووە، راستە هەموو پیاوێك حەزدەکات ژنەکەی بەقسەی بکات لەفەرمانەکانی دەرنەچێت بەڵام ئەگەر بێت هەموو ژنان خاوەن بڕیاری کۆمەڵایەتی خۆیان بن نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی قسەی مێردەکانیان ئەوا پیاوانیش ناچاردەبن مافەکانیان بدەنێ ئەوکات کێشە نامێنێ ئایا پیاوەکان چ جۆرە ژنێکیان دەوێت لەبەر ئەوەی هەموو ژنەکان خاوەن هەڵوێست دەبن و ژنی کۆیلە نامێنێت.

خاتوو نیهال رای پێچەوانەی هەبوو ئاماژەی بەوەدا پیاوان لەرووی فسیۆلۆژیەوە حەزیان لەگەورەیە و دەیانەوێت هاوسەرێکیان هەبێت هەموو شتەکانیان بەقسە بکات بەهیچ شێوەیەك لەقسەکانیان دەرنەچێت ئەگینا من زۆر ئافرەت دەناسم بەر لەوەی کە بچنە ناوپرۆسەی هاوسەرگیریەوە خاوەنی کەسایەتی بەهێزبوون بەڵام ئێستا بوونەتە بەشێك لەجەستەی پیاوەکان چونکە پیاوەکان هەمیشە دەیانەوێت ئافرەتان بکەنە بەشێك لەو ژیانەی کەخۆیان دەیانەوێت .

